# قسەیەك

ئەو ساتەی تەلەفۆنەکەی هەڵگرتو قسەکەی بەگوێدادرا، سەرەتا زمانی لەئاستیدا چووە کلیلەو، ورتەی لەدەم بۆ نەهێنرایە دەرەوە. دەتووت لەناکاوێکدا، کوتەکێك دراوە لە گزگلاگەی گوێو، ورِوکاسی کردوە. کابرا هیچ پێشەکییەك..هیچ پێچوپەنایەك..هیچ راوورِیوییەکی بۆ نەهێنایەوە!. کابرا وەك بارێکی گران لەسەر شانی، توورِهەڵداتە خوارەوەو لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، راستەوخۆ قسەکەی‌کرد. بۆیە ئەمیش راستەوخۆ کەوتە ژێر قورسایی بارەکەوەو، ئاوەها لەئاستیدا ورِوکاس بوو. تا کاتێ دەنگەکە وەك گومانی‌کردبێ، کە ئەم لێی‌حاڵی نەبووەو بۆی دووبارە کردەوە، ئەوسا زمانی بزوا. بەلەرەیەکی پرِ لە پەشۆکاوییەوە، تێکەڵوپێکەڵ وتی:

ـ ها؟!..وتت!..چۆن؟!..کێ وتی‌و تۆ چۆنت زانی؟!..تۆ کێیت؟!.

کەچی دەنگەکە، تەنیا ئەو قسەیەی بەرِوونی لێبیسترا. ئیتر وەك لەبنی بیرێکەوە بێتەدەرێو، تێکەڵ بەژاوەژاوێکیش ببێ، چووە شێوەی بڵمەبڵمێکەوەو هیچی لێتێنەگەیشت. بگرە کە ئەم روونترو بەپەرۆشترەوە پرسیارەکانی دووبارەکردنەوە، دەنگی کابرا بەتەواوی نوقمی ژاوەژاوەکەبوو، کە بەدوایدا ئیتر هەر هیچی لێنەبیسترا. لەگەڵ ئەوەشدا تەلەفۆنەکەی تا ماوەیەك، بەگوێیەوە هێشتەوە. بەهیوابوو ژاوەژاوەکە ببرِێتەوەو، دەنگەکە سەرهەڵبداتەوە. کە بێسوودبوو، بەدەستێکی لەرزۆکەوە دایناوە. بەترسوسامێکی ئەوتۆوە چاوی بەسەریدا داچەقاند، کە دەتووت درِندەیەکەو ئامبازی‌بووە.

بەدرێژایی ئەو ساتانە، شەش گوێ لەو گفتوگۆ بەتەمومژە بەئاگاهاتبوون‌و، قوت بووبوونەوە. شەش چاویش زیت رووبەرِووی دەیانرِوانی‌و، وردودرشتی نیشانەکانی سەروسیمایان دەخوێندەوە. سێ بیروهۆشی‌تر، لەبەرامبەریدا هەژابوون‌و، سێ هەستونەست خرۆشابوون.کە ئەم هەر تاس بردییەوەو هیچی نەووت، سەلمای هاوسەری رایچڵەکاند:

ـ چی‌بوو؟!.

ئەم وەك لەگرفتێکی لەقسەکە ستەمتر وریا بکرێتەوە، بینایی لەسەر تەلەفۆنەکە لاداو بەلاچاوێك تێی‌رِوانی. بەدەمییەوە ئانوسات هۆشی خستەکار. زنجیرەیەك پرسیار تیژ بەزەینیدا گوزەریان کرد. ( پێیان بڵێم یان نا؟. ئەگەر ئا چۆنی بڵێم؟!.ئەنجامی چی دەبێ؟. ئەگەر نا بڵێم چی؟. باوەرِ دەکەن؟..یاخود!..).

هـەوڵیدا هێوربیێتـەوە. دەیزانـی ماوەیـەکی پێـدەوێ ، تـا بتوانـێ زمـانی بــەگۆبێنێو ئاســایی بــدوێ. پرســیارەکەی فــەرامۆش کــردو، دەســتیدایەوە تەلەفۆنەکە. تـەنیا بۆ خۆخـەریکردن نایـەوە بەگوێیـەوە. دووسـێ جـار هەڕەمـەیی ژمارەی بـادا. وای نیشـان دەدا کـە بەمـەرام نەگەیشـتوەو، دەسـتی بەدوگمەکـەیدا دەنایـەوە. بـەردەوامیش بیرهۆشـی، وێڵـی دوای وەڵام بـوو. کـاتێ پرسـیارەکەی بەگوێدا درایەوە، بەئەنجام گەیشتبوو. وتی:

ــ کابرایـەك بـوو قسـەیەکیکردو خەتەکـە شـێوا. هیچیتـری لێحـاڵی نـەبووم. نەشمزانی کێبوو!.

ـ قسەکە چیبوو؟!.

ـ ها!..قسەکە؟!..

هەستیکرد بەڕستەی( هیچیتر )ەکە، کەوتۆتە داوەوە. دەبوو خۆی دەربازبکا. لە پاشگەزبوونەوە زیاتر، هیچیتری بەخەباڵدا نەهاتو وتی:

ـ ئەویش هەر روون نەبوو. تێنەگەیشتم مەبەستی چیبوو!.

ـ ئاخر چۆن؟!..هەر هیچ؟!.

ـ هەر هیچ!.

کەمێ راماو ئینجا وتی:

ـ بەڵکوو تەلەفۆن بکاتەوەو تێبگەم.

ئەشـکەنجەی لێبـوو بەدووسـەرە. سـتەمیی قسـەکەو شـاردنەوەی لەهاوسـەرو دووکچەکـەی. بەسەراسـیمەییەوە لـەپاڵ تەلەفۆنەکـەدا دانیشـت. دەتـووت لەسـەر سـاجێکی سـورەوەکراو دانیشـێنراوە. دەتـووت دەسـتێکی ئاسـنین رۆچۆتـە نـاو سـینەیەوەو ، دڵـی هـەڵدەگلۆفێ..جگـەری دەپروێنـێ..سـییەکانی هەڵدەگوشـێو هەناسـەی لەبـەردەبڕێ. ئۆقرەی لەبـەر هـەڵدەگیراو بـەزۆر ئۆقـرەی بـەخۆی دەگـرت. حەزیدەکرد هەڵسێتە سەرپێو بەبێپەروا، بەدەوری خۆیدا بخولێتەوە..بەژوورەکەدا بێتو بچێ..بەدیوارەکانیدا هـەڵژنێ..بەبنمیچەکەیدا ئەمسەرو ئەوسەر بکاو بەوە، کـەمێ لـەو گێژەڵووکەیـەی ئـازاری دەروونـی بڕەوێنێتـەوە. بـەڵام دانـی بـەخۆیدا دەگـرت. تەقـەلای دەدا بەهـەر نرخێك بێ، لـەوانی حەشاربداو نەیـەڵێ لەئـەنجامیدا قسەکەی پێبدرکێنن.

بەدەمییەوە بەردەوام بەقسەکەدا دەچۆوە. سـەراپای بیروهۆشو هەستونەستی تێئـاڵاندبوو. بەسـەدویەك بـاردا تـاووتوێیدەکرد. تەنانـەت بــەو بارەشــدا، کــە

لەبنەڕەتەوە راست نەبێ: ( دەشێ درۆیەكی هەڵبەستراوی ناحەزێك بێ. ئا دەشێ.. بەڵام ئاخر ئێمە كێ ناحەزمانە؟!. ئێمە خراپەمان بۆ كێ هەبووە؟!. نا ئەمەیان ناشێ. رەنگە هەڵەیەك لەكایەدا بێ. ئا رەنگە.. باشە ئەو قسەكەی چۆن دەست پێكرد!. ها !.. ئا.. ئەو سەرەتا پرسیاری كرد: ماڵی عومەری حاجی حەمە سالحە!. هەر هێندەی من وتم بەڵی، ئەو یەكسەر بێپێشەكی..بێپێچوپەنا..بێئەملاو ئەولا قسەكەی كرد!. بەڵام ئاخر هەڵە لەچەند رووەوە؟!. ژمارەی تەلەفۆنەكە یەك. ناوەكەی من دوو. ناوەكەی ئەو سێ!.. هەڵە لەیەكێكیان و لەدووانیاندا..لەیەكچوون لەیەكێكیان و لەدووانیاندا دەشێ. ئاخر لەهەر سێكیاندا؟!.. ).

ئەم لەلای خۆیەوە، دەتووت لەسەر ئاگر دانیشێنراوە. شەش چاوەكەش لەولاوە، بەردەوام بیناییان بەسەر رووخساریدا ئەبڵەق بووبوو. شاراوەترین جووڵەیان تێدا دابووە بەر وردترین چاودێری. هەستیان كردبوو نهێنییەك لەئارادایەو، وێڵی دوای تروسكەیەكی بوون، كەلەرووخساریدا بەدیی بكەن.

زەنگی تەلەفۆنەكە هەموانی راچەناندەوە. ئەم بەهەڵپە پەلاماری دا:

ـ بەڵێ.. فەرموو.. ئا..

تەنیا بەسەر هێمایەكی بۆچراخانی كچیكرد كە بۆ ئەوە. ئیتر نوقمی دەریای خەمو پەژارەی قسەكە بۆوە. بۆ جاریجارەها كەوتەوە تاووتوێكردنی. تا دەهات خێراتر وەك ژەهرێكی كوشندە، بەشانەبەشانەی مێشكی..بەقووڵایی دڵودەروونی..بەپانتایی هەستونەستیدا بڵاودەبۆوەو، سرەوتی لەبەر هەڵدەگرت. چراخان تەلەفۆنەكەی دانایەوە. دایك دیسان هەڵیدایە:

ـ لەوەناچێ تەلەفۆن بكاتەوە!.

ئەم وەك بۆخۆی بدوێ، بەدەنگی نزم وتی:

ـ لەوەناچێ!.

بەدوایدا وەك لەشبەبارێك..لەشبەباری نەخۆشییەكی كوشندە، راست بۆوە سەر پێ. ماوەیەك بەژوورەكەدا هاتوچوو. دووسێجار لەبەرامبەر تەلەفۆنەكەدا، راوەستاو پیایدا هەڵڕوانی. ئیتر بێئەوەی ورتەی لەدەم بێتەدەر، لەژوور بەدەركەوت. نەیدەزانی چیبكاو هەنگاو بەرەوكوێ بنێ. لەحەوشەكەدا راماو بەبێمەرام، سەری هەڵبڕی بۆئاسمان. رۆژ رووەو خۆرئاوا داخزابوو. بریقوباقی تیشكەكەی، لەنێوان گەڵاكانی دارتووی ناوحەوشەكەوە، لابەلا دەیدا لەچاوی. دەتووت ئاوێنەبەدەستێك، لەكەنارێكەوە بەڕوویدا دەیلەرزێنێ. هەستی كرد

هەردووکچەکـەیو دایکیـان، لەپشـتییەوە راوەسـتاونو تێیدەڕوانـن. خـەمی سەرلەنوێ بەگێڕهێنانی بەپرسیار دایگرتەوە. خۆی لێنەبان کردنو بەرەودەرگای حەوشە هەنگاوی نا.

زۆر دوورنەکەوتەوەو ئاوڕێکی دایەوە. ئاهێکی حەوانەوەی پێداهات کە دوای نەکـەوتبوون..کـە لـەئازاری سـەرنجە تیژەکـانی ئـەوان..لەپرسـیارە پەنگخواردوەکانیان..لەسەرسامیو تەنگەتاوییان رزگاری بوو. ئێستا وا تەنیا باری قژقژاویی قسە ستەمەکەی بەکۆڵەوەیە.

چەند هەنگاوێکیترو، کۆڵانی ماڵی خۆیانی کۆتایی پێهێنا. پێینایە قەراغ شەقامی سەرەکی. بەلای چەپییەوە ریزەدووکانێك بوو، دەکەوتنە سەر شەقامەکە. لایدایە لای ناسیاوێکیو کزەسڵاوێکی کپیلێکرد. ئەو بەگەرمەوە فەرمووی لێکردو، ئەم بەتەنیا بڵمەبڵمێك وەڵامیدایەوە. پشتیکردە ئەوو رووەو، لای راستی شەقامەکە راوەستا. هێندەی لێیدەکەوتە بەرچاوی، بینایی بۆ درێژکردەوە..(ئەگەر وابێ، ئا لەوێوە!.. ).

کسپەیەك بەهەناویدا بروسکەیداو، پاشماوەی وتەکەی پێقووت دایەوە. بەمانای سەرزار پێیقووت دایەوە، دەنا لەقووڵایی هۆشدا، ئاسایی چۆڕاوگەی خۆی بەست ..( ئالەوێوە هائێستا هاساتێکیتر، ئوتومبێلێك دەردەکەوێ. ئەتومبێلەکە..).

ناسیاوە دووکاندارەکەی فەرمووی لێکردەوە. ئەم کە چاوی هەر بەئەوسەری شەقامەکەدا روابوو، بێئاوڕدانەوە بەلایدا، بەدەنگە خەماوییەکەی تەنیا وتی:

ـ سوپاس..دانانیشم.

ئیتر کاتێك ئەو بەسەرسامییەوە لێیپرسی:

ـ کاك عومەر چ خێرتە؟!.

ئەم تەنانەت بێخواحافیزیلێکردنیش، بەسەر شەقامەکەدا بەرەوخوار ملینا. بەدەم هەنگاونانەوە وەك لەدڵدا وڕێنە بکا، بەردەوام دەیووتو دەیووتەوە: ( هائێستا هاساتێکیتر، ئوتومبێلێك لەوێوە دەردەکەوێ ..ها ئێستا هاساتێکیتر، ئوتومبێلێك لەوێوە دەردەکەوێ..هائێستا ها!!.. ) .

وڕێنەکە تادەهات زۆری بۆدەهێنا. تادەهات وەك ژەهرێکی کوشندە، سات لەدوای سات بەسەراپای بیروهۆشو هەستونەستیدا بڵاودەبووە. مێشکی دەپرواند..دڵی دەتەقاند..دەروونی ئاگردەدا..دواجار هێزو توانای لەجەستەدا، وەك

مۆمێك دەتواندەوەو بەرەودارڕمانی دەبرد. راوەستاو بەو حاڵەیەوە، قەدەرێکیتر بۆ دوور..بۆ ئەوسەری شەقامەکە هەڵیڕوانی. دیمەنەکە بەسات بەرچاوی بەرنەدەدا. لەکۆڵ بیروهۆش و هەستونەستی نەدەبۆوە..( هائێستا هاساتێکیتر..ئوتومبێکێك..لەوێوە..دەردەکەوێ.. ئوتومبێلەکە!..).

هەستیکرد هەردوولاقی روو لەشلبوونێکی وەهان، کە لەوە زیاتر جەستەی بەپێوە بۆراگیرناکەن و هائێستا هاساتێکیتر، بەلادادێو دادەڕمێتە سەرزەوی. خۆی گەیاندە پاڵ دیوارێکی قەراغ شەقامەکەو هەڵترووشکا. هەردوو ئانیشکی نانە سەر هەردوو ئەژنۆی. سەری نایە ناو هەردوو لەپی دەستییەوەو، تاسێکی قووڵ بردییەوە.

* * *

ـ بابە!!..

بەبیستنی وشەکە، دەتووت دەستێکی تەلیسماوی، لەغەیبەوە بەفریای دەکەوێو، مێردەزمەیەکی بەزەبروزەندی لەکۆڵ هەڵدەپچڕێ. سەری لەنێوان هەردوو لەپی راچەناند. روانییە خاوەن دەنگەکەو راپەڕییە سەرپێ. سەرەتا دیمەنەکەی بەلێڵی بینی. بەڵام خێرا لەبەرچاوی روون بۆوە. ئەوەتا کتومت خۆیەتی. چۆن رۆیشت وەهای دەبینێتەوە. تەنیا هێندەی لێجیاوازە، کە تەپوتۆزی ناوسەنگەرێکی خۆڵین، نیشتۆتە سەر قژو رووخسارو سەراپای لەشی.

ئەم بەچەشنی ئەوساتەی کە قسە نەگریسەکەی بەگوێدادرا، حەپەساو زمانی بۆ نەدەهاتەگۆ. رووبەڕووی راوەستاو، چاوی بەسەریدا ئەبڵەق بوو. ئەویش لێیسەرسام بوو. وتی:

ـ بابە!.. چی بووە؟!..لەسەرخۆ نیت..بۆچی؟!.

ئەوسا زمانی بەربوو. خەریك بوو دەم هەڵبێنێتەوەو، کارەساتەکەی بۆبگێڕێتەوە. بەڵام هەرزوو پاشگەز بۆوە. تەنیا وتی:

ـ هیچ کوڕەکەم.. هیچ نەبووە!.

ئیتر دووقۆڵی ، بەرەوماڵەوە هەنگاویان نا.

**سلێمانی** 1997/4/12